# گەڕانەوە لە دۆزەخی ئەنفال‌و بیرەوەری‌و ئازارو مەرگەساتەکانی ئەنفالی کورد لە نوگرەسەلمان

**ئامادەکردنی : سیروان محەمەد**

ئەنفال, پرۆسەیەکی بەرنامەداڕێژراوی رژێمی حزبی بەعسی عەرەبی بوو بۆ جینۆسایدکردن‌و لەناوبردنی فیزێکی تەواوی کورد, ئەم کردەوەیەی شۆڤنیەکانی حزبی بەعس, بەچەند قۆناغێك دەستی پێکردوە, زۆرر دڕندانە, بەرچاوی هەموو جیهانەوە کەوتە وێرانکردنی کوردستان‌و لە کردەووەکانی بەدناوی ئەنفالدا کەوتە لەناوبردن‌و بێسەروشێنکردنی گەورەو بچووك‌و ژن‌و منالی کورد, سەرەتا لە گوندەکانەوە دەستی پێکردو, لەقۆناغی یەکەمدا کە بەئەنفالی یەك ناسراوە, هێرش کرایە سەربازەکانی(ی. ن. ك) لە دۆڵی چاخایەتی‌و سورداس‌و کیمیای باران کردنی گوندەکانی سەرگەلوو هەڵەدن‌و, پاشان ئەنفالی دوو بۆ سەر ناوچەکانی قەراغ ئەنفالی(3 گەرمیان‌و, 4)یش بۆ سەرچاوەکانی دەشتی کۆیەو هەولێرو شوان‌و شێخ بزەینی‌و کیمیایی بارانکردنی کۆبتەو عەسکەرو ئەنفالی(5, 6, 7) بۆ سەر ناوچەکانی شەقلاوەو رەواندوز, کۆتایی هات‌و تیایدا بەسەدان هەزار لەژن‌و منال‌و گەنج‌و پیری کورد بێ سەرو شوێن کران‌و کرانە ژێر گڵەوە لەسنورەکانی سعودیەو سەمراکانی عەعەرونۆگرەسەلمان, بێ ئەوەی ئەو قوربانیانە هیچ تاوانێکیان هەیە بێت لە کورد بوون‌و داواکاری خامنی ئازادی‌و مافە نەتەوەییەکانی خۆیان.

رژێمە لە کردەیەکی فێڵاوی‌و بۆ پەردە پۆش کردنی تاوانی ئەو سەدان هەزار کەس لەژن‌و منال‌و گەنجی کورد, هێشتا بە ئازادکردنی هەندێك کەسی پیرو بەتەمەنی لەنوگرەسەلمان‌و عەرعەر. دواجار ئەو ئازاد کراوانە بوونە شایەدحاڵ بۆ ئەو کردەوە دژ نەمرۆڤایەت بەعس بەرامبەر گەلی کورد, ژیانی پڕ سوکایەتی‌و ئازارو برسێتی ئەنفال کراوە,
بەمەبەستی تیشك خستنەڕوو پرۆسەی بەناوی ئەنفال‌و تۆمارکردنی بیرەوەری ئەو کەسانەی لەنزیکەوە ئاگایان لەژیان‌و چۆنیەتی مامەڵەی جەلادەکانی بەعس لەگەڵ ئەو خەڵکە.



لەگوندی گۆمەشین چاومان کەوت بەمام عوسمان عەلی عەبدوڵڵا

کە یەکێکە لە قوربانیەکانی ئەنفال‌و خۆی خێزانەکەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتووە, بەڵام لەنوگرەسەلمان بەهۆی پیرو زۆری تەمەن ئازادکراوە.
بۆیە مام عوسمان لەنزیکەوە ئاگای لەئازارو مەینەتیەکانی ئەنفالکراوەکانبووە. بیرەوەری زۆری کارە دڕندانەکانی ئەنفال چیەکان بووە بەشایەتتحاڵی مردن‌و زیندە بەچاڵ کردنی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردە, سەرەتا بەم شێوەیە چیرۆکی شاڵاوی ئەنفالی بۆ سەر گوندەکەیان بۆ گیرانیەوە.

–ئێمە لەگەڵ زیاد لە 70 ماڵی تری گوندەکەمان لەدەم زێ بووین کاتێك جەیش‌و جاش هێرشی بۆ ئەم سنورە هێنا. رۆژێك پێش ئەوەی بێتە دەم زێ هاتبووە ناو گوندی گۆمەشین. عەسرەکەی دووژمن لەدەم زێ دەرچوون هەندێك پاقلە بهێنن بۆ ئەو خەڵکە بیخوات.
لەبەری شێخ بزەینی رەبایەکی جاش هەبوو ئەوانی بینی, دوای ماوەیەك دوو هەلیکۆبتەر هات بەسەرمان دەسووڕایەوە, کەوتە تەقەکردن لێمان. لەناو رەزەکەمان تەراکتەرێك هەبوو سوتاندی, لەڕووباری شێوە شوریش دوو سەیارەو تراکتۆرێکی سوتاند. ئەوندەی پێنەچوو جەیش هاسەرمان‌و هەمووماتیان گرت‌و هێنایەنیەوە بۆ ناو گوندی گۆمەشین. نزیکەی 73 کەس بووین زۆربەیان ژن‌و پیاو منال بوون,

تەنهان چەند پیاوێکیان لەگەڵ بوو. چونکە رۆژێك پێش ئەوە گەنجەکان کە زۆربەیان هەڵهاتووی سەربازی بوون چووبونە چیاکانو جیابوونەوە, شەو لەناو گوندەکەمان ماینەوە, بۆ بەیانی سەعات 10ی بەیانی بەڕێیان کردین بۆ کۆیە, لەوێشەوە بۆ کەرکوك, لە کەرکوك سەرەتا بردیانین بۆ(مونەزەمە) هەندێك ئەوراقیان وەرگرت دوای سەعاتێك بردیانین بۆ تۆبزاو, لەتۆبزاوا نائب زابتێك لەبەردەرگا مێزێکی دانابوو, ئەو وەریگرتینو ژنو منداڵەکانیان لێجیاکردینەوە ئەوە, موالیدی هەتا 934 بهاتایە, کە دەیکرد 50 ساڵو بەپیر هەژمار دەکراو دەیانکردە ژوورێکەوە, ژنو منداڵەکانیش بۆ هۆڵێکی ترو گەنجو میرارەکانیان دەکرد ژوورێکی تر. تەنانەت ئەگەر ژنو پیاو یەك موالید بووانە واتە پیر بوونایە دەکرانە یەك هۆڵ. مندالەکانیخۆشیان لەگەڵ دەهێنا. بەڵام ئەگەر تەمەیان وەك یەك نەبوایە. ژنەکە گەنج بوایە منداڵەکانیان گەل ژنەکە دەخست, کەمن چومە بۆ لای ئەفسەرەکە منداڵەکانم کە دووان بوون گریان بەدوامدا. ئەفسەرەکە وتی ئەم گەنجە هێشتا جەیشی شەعبیی پێدەکرێت, بابچینەوە لای ماڵو منداڵەکانی, کابرا ووتی هەویەت پێە, وتم بەڵێ زابتەکە وتی بیخەنە ناو پیرەکان خستمیانە ناو پیرەکان, کە جیایان کردوینەوە- هەموو زۆر هیلاك بووین دوو رۆژ بوو هیچمان نەخواردبوو, بیرم چوو کە بردیانین بۆ کۆیە کردیانیە هۆلێکەوە هەموو ئاوو بوو بەڵام ژنەکانمان لەگەڵ نەبوو, هۆڵەکان کاشی تێدا هەر یەکەی لەسەر هەندێك کاشی دانیشتین, چونکە زۆر هیلاك بوین یەکسەر خەومان لیَ:ەوت.

-لەتۆبزا سەریرم کرد مافور بەڕەی زۆر هەڵدرابووە کە هەموو تالآنی گوندەکانی بوو هێنابوویان. چووم دووسێ دانەم هێنا بۆ خەڵکەم راخست, ئێوارە کابرای حەرەس دەرگای داخستو لەوبەرەوە دانشتن. یەك دووکەس وتیان میزیان دێت کابرای حەرەس دەرگای نەکردەوە, منیش بووم بانگەکرد ووتم میزم دێت, حەرەسەکە ووتی"ترید صونده) سۆندەت دەوێت, منیش گەڕامەوەو لای دەرگاکە دانیشتمو میزم کرد, خەڵکەکەی تریش ئەوەی میزی دەهات بەدوامدا هات میزی خۆی کرد. هەتا بەیانی حاڵمان زۆر شڕ بوو, خەڵك نەخۆش بوو, برسی بوو تینوو بوو, وەزعمان زۆر خراپ بوو, یەك شەو لەوێ ماینەوە, بەیانی کابرایەکی جەیشی شەعبی هات دارێکی پێبوو ووتی چوار کەس چوار کەس دانیشن. لەگەڵمان بوو لەبرسان هێزی رۆیشتنو وەستانی نەبوو, هەبوو کوێر بوو کابرا بەدار کەوتە لێدانمان بەبێ جیاوازی ئەوەی جیَ''ەی خۆشی گرتبوو لێدەدا.

هەتا بێ تاقەت لێیدابن, دەستتی حاجیەکی شکاند, سەری دوای شکاند, لەسەر هیچ نایە تەنها لەسەر دانیشتن, هەستن ناونوسیان کردین بۆ سەعات 10 سەیارە هات یەکێ سێ سەمونو پەنیرێکی بچووکیان داینێو لەترساندا نەك تووشی تەسەمومو سك چون بین نەمان خواردوو بەڕێیان کردین, بۆ بەغدا 7 پاس بووین لە 5 سەیارە ئەمنیش لەگەڵمان بوون نەفەری گەنجیان لەگەڵ بوو بەڵام نەمان زانی بۆ کوێیان بردین, لەهەر شوێنێك بوەستایە دادەبەزیم.

لەبەغدا لای بەنزینخانەیەك وەستا چۆڵ بوو, دیار بوو بۆ ئێمە چۆڵ کرابوو بۆ ئەوەی کەس نەمانبینێ, لەوێ وەستاین بەڵام زۆر تینومانە هیلاکین. کابرایەك لەوێ بوو وتم تینومانە بانگی کابرایەکی کرد صۆندەیەکی ئاوی هێنا وتی بخۆنەوە, هەرچەندەنەیان دەهێشت دابەزین بەکۆمەڵ بەڵام چوو بۆ نان خواردن. بەڵام هەرچۆنێك هەرچەندە گەرم بوو, بەڵام دەمانخواردەوە منالێشمان پێبوو ئەوانیش تۆزێك ئاویان خواردو سوڕابووینەوە بەڕێکەوتنەوە بەڵام نازانین بۆ کوێ! بۆ ئێوارە گەیشتبنە سەماوە. لەمەرکەزێکی شرطە, وتیان کەس دانەبەزێن.
+زۆربوون؟

-320 کەس بووین, کە وەستاین من یەکسەر دابەزیم 5 پۆلیسو چی بوو, کەمنیان بینی بەجلو بەرگی کوردیەوە سەریان سوڕما وتیان(شبیك), وتم ئێمە گیراوین, خێرتان دەگات تینومانە, وتی زۆرن, وتم ئەرە وللا, یەکەم جار وتی پەقرەجیان بۆ بەرە دوای کە سەیرکردین زۆر بووین, ووتی صۆندەکە بەرە لای سەیارەکە ئەفسەرەکانی لەگەڵ ئێمە هاتبوون پێیان ناخۆش بوو, بەپۆلیسەکانی وت:- ئاویان مەدەنێ. پۆلیسەکە وەتی گوناحن بابخۆن, ئەفسەرەکان بۆخیان سەیارەکەیان ئاوی قوتویان دەخواردەوە, لەخوار بەغدا لای قامیشەلآنو زەلکاوێك رایگرت وتی لەو ئاوە بخۆنەوە. کە بۆگەنو پیس بوو, وتمان ئەوە ئاوی زێرانە ناخورێتەوە, بەگاڵتە پێکردنەوە وتی(ساگی ساگی اشربوا) ناوی رەشو پیس بوو کەس نەیوێرا بیخواتەوە, بەڵام ئەوەی میزی دەهات میزی کردو سورابووینەوە, بۆ بەو حاڵە گەیشتنەوە سەماوە, بەڵام لەوێ تێر ئاو بووین..!

ئێوارە درەنگ دووبارە بەڕێکەوتنەوە, بۆ نۆگرەسەلمان 10ی شەو گەیشتنە ددرێیانێك قطعەیەکی لێبوو نووسرابوو اردن بەدەستە راست. بە جادەیەکی خۆڵ نوسرابوو سعودیە لەگەڵ عیراق دوای بە جادەیەکی خۆڵدا رۆشتین, دوای ماوەیەك تروسکایەکی ئاگرمان لێدەرکەوت, کە نزیك بووینەوە بینایەك بوو, زانیمان نۆگرەسەلمانە, دەرگایان لێکردینەوەو کردیانینە ژوورەوە, ئەمنەکانی نوگرەسەلمان ئێمە وەرگت

که گەیشتین هەموومان هیلاك برسی بێتاقەت, بەپاڵیش نەمان دەتوانی بڕۆین بەڕۆژ هیچمان نەخواردبوو, هەندێکیان بە باوەش دامانگرتن کابرای مدیر ئەمنی ئەوێش دووبارە بەدار کەوتەوە ریزمان بەلێدان وتی ریزبن بەهەڕشەو بەجنێو بێ بەزەییانە لێیان دەدایین دوای وەرگرتنمان ژنێك هاوڕێ لێبەرزبۆوە وتی پارەیان لێساندم وتی بەهەزار دیناریان لێ ساندم ئەو ئەمنانەی ئێمەیان هێنا بۆ نوگرە سەلمان, لەوێ کابرا وتی ئەم شوێنانە, دانیشتبن هیلاك ماندوو لەسەر عەرزی روت دوای ماوەیەك لەدوورەوە یەك دوو زەلام دەرکەوتن لەوسەری قاعەکە. کە ئەمنەکان دەرگاکەیان داخست زەلامەکان هاتن بۆ لامان, وتیان لەکوێوە هاتوون وتمان لەلای کۆیەوە هاتووین, بەڵام خەڵکی(هەولێرو کەرکوك)مان لەگەڵ بوو, دوای ماوەیەك سەتڵێك ئاوو نەفەری سەمونێکیان بۆ هێنایین خواردمان, بۆ بەیانی سەعات 10 هاتن دەرگایان لێکردینەوە, ئێمەیان برد بۆ قاتی سێیەمی بیناکە ئەویش هۆڵێکی گەورە بوو, نزیکەی 350 کەسی تێدابوو, هێشتا نیوە نەببوو هۆڵە(WC) تیا بوو, پێیان پاککردنەوە, لەو شوێنەی ئێمەی لێبوین 2 مەکینەی ئێرتیوازی لێبوو بەڕۆژ هەڵیان دەکرد بۆ ئاو هێنان, ئەو رۆژە(20)ی رەمەزان بوو, هەر هۆڵەی لێپرسراوێکیان بۆخۆیان لێ دیاربکردین, ئەو دە رۆژەی رەمەزانە هەندێك ئازووقەی کەمیان پێدابن دوا جەژن دوکانێکی بچووك هەبوو کە هەندێك وردە شتمان لێدەکڕی ئەویشیان داخست. مەکینەکەیان شکاند, دوای ئاومان دەکرد دەیانگوت چاکی بکەنەوە, ئیتر ئاو, نان نەما, لەبرسان خەڵك دەچوون بۆ بەرمیلی خۆڵەکان دەگەڕان بۆ پارچە نانێکی کۆن, بەتایبەتی مناڵەکان دەچون دەگەڕان‌و دەیان تەکاندوو دەیانخوارد, بۆ ماوەی 7 رۆژ نە ئاو نەنانیان بۆ نەهێنابن, رۆژێك سەیارەیەکی بەلەدییەی سەماوە هات نەختێك فەردەی تیا بوو, شەکرو چاو سەمونیان هێنا, شەکرەکە بە کەوچکی چێشت دابەشیان کرد, نەفەری یەك کەوچك شەکرو یەك کەوچك چا بۆ یەك هەفتە, ئینجا ئاگرنەبوو چای لێ بنێن, بەکاغەزو بەرگە پاکەت تۆزێك ئاگرمان دەکردەوە, چایەکەمان لێدەنا, هەرکە تروسکەیەکی ئاگر هەبوایە, بەکتریەوە خەڵك دەگەیە سەرت, رۆژی دووجار تەنکەرێك ئاو دەهات 10ی بەیانی لەگەڵ 4ی ئێوارە, بۆ 7 هەزارو پێنج سەد کەس, کە ئاو دەهات کابرا سایەقێکی میسری بوو سۆندەکەی دەکردوە بەناوەڕاستی بیناکەیا ووردە ووردە دەڕۆیشت، دەبووە یەك قەرەباڵغی نێوەی ئاوەکە بەهۆی قەرەباڵغی‌و پاڵەپەستۆ دەڕژاو خەسار دەبوو، ماوەیەکی زۆر ئەوە حاڵمان بوو، ئیتر رۆژ بەرۆژ حاڵمان خراپ دەبوون چڵکن برسی نەخۆشی خەفەتن بێتاقەت، سوکایەتی، هەزاران دەردەسەری رۆژانە سەمونێکیان بۆ دەهێنایین سپی‌بوو گەنمەشامی بوو، ناخۆش بوو کە دەتخوارد ناودەمتی بریندار دەکرد، دەبوایە بیخوسێنی ئینجا بیخۆیت، ئەو سەمونە وەك پوش وابوون کە دەتخوساند دەبوو بەپوش. ئاردی تیانەبوو، چونکە خواردنمان نەبوو هەرچیت لێبهاتایە یان بریندار بوایە چاکنەدەبوون دەبوو بەبرین، لەگەڵ ئەوەشدا رەنگمان تێکچووبوو، شێواوبوو، کەس نەیدەناسیتەوەن ئینجا ووردە ووردە خەڵك دەستی‌کرد بەمردن نەخۆش‌و پیرەکان بەهۆی نەبوونی خواردن‌و داو دەرمان، بەکۆمەڵ خەڵك دەمرد، مناڵ، رۆژ بەرۆژ ژمارەی مردووەکان زیادی دەکرد، 30،20،15،10کەس رۆژانە دەمرد، ئەوەی دەمرد دەمانهێنایە بەردەمی هۆڵەکە بەتانیەکمان تێوە دەپیچچاو هەتا سەعات 10ی بەیانی خاکەنازو عارەبانەیان دەداینێ لەگەڵ دوو پۆلیس دەمانبرد بۆ دەشت دەمان ناشت، من هەتا یەك مانگێك بەهێز بووم بۆ هەموو مردوەکان دەچووم.

شۆفڵ چاڵی کردبوو، بەناو چاڵەکان دەمانخستنە ژێر گڵەوە، هەتا لەوێ مامەوە کە(54) رۆژبوو زیاد لە 30رۆژی زۆر برسی بوو، خەڵك زۆر مرد. هەندێکی هەرلەوێ فرێدەدرا، رۆژێك چوین مردویەك بنێژین، تەرمی کە مردبوو بەجل‌وبەرگی خۆیەوە فڕێدرابوو، سەگ خواردبوو، رۆژ بەرۆژ ئەو خەڵکە بێتاقەت تر دەبوو، برسی‌بووین، کە کەسێك دەمردن بە هەزار حاڵ دەمانبرددەمانکرد بەژێر گڵەوە. چونکە 35 رۆژبوو هیچی وایان نەدەداینی بیخۆین. تەنانەت ئاویش نەبوو بیخۆینەوە دەچوین دەپاڕاینەوە بۆ نان‌و ئاو ئەوان جنێویان پێدەداین، بەتف‌و جنێو دەریدەکردین.

## سوراخی گەنجەکانتان نەزانی چییان لێبەسەرهاتوە؟

– نەوەڵا، نەمانزانی ئەو هەموو گەنجەو ژن‌و مناڵانەیان چی‌لێکرد. چونکە کەس بەئێمەی نەدەزانی، ئیچمەش ئاگامان لەکەس نەبوو، دوای 35 رۆژەکە کە زۆر حاڵمان خراپ بوون ئیتر بەوەجبەی جاری 400کەس لەپیرو پەککەوتەکانیان ناونوس دەکردن بەتایبەتیش نەخۆشەکان رۆژیچك ماڵێك لەگەڵمان بوون خەڵکی گوندی وو تاقان بوون‌و پێنج مناڵیشیان پیچبوو، چاوشینێ قژ سورو زەرد، دوو ئەمن هاتن لای ئیچمە هەلچوپیچستەیەکیان کرد یەکێکیان ووتی با ئەو مناڵانە بنوسین بۆ بەردان بەڵام یەکێکیان رازی نەدەبوو، منیش چووم ووتم ئەم پیرەمێردو پیرەژنانەم بۆ بنوسنز رازی بوو هەموویانی نوسی، دوای هەفتەیەك ئەوەی ناونوس کرابوو عەسرێك پاسیان بۆ هێنان‌و دەستیان کرد بەناو خوێندنەوە، ئەو خەڵکە ئەوەندە زەلیل‌و بێتاقەت بوو توانای وەڵام دانەوەشی نەبوو. ئەمنێك هات وتی سەیدی ئیزنم بدە بەحسۆندە سواریان بکەم بەڵام رازی نەبوون ئیتر خۆمان بەناچاری بە 6شەش کەس، یەکەسمان هەڵدەگرت‌و فریمان دەدا ناو پاسەکەوە، هەندێکیان ئەوەندە بێتاقەت بوو. بەدانیشتننانەوە خۆی نەدەگرت. دەرکەوتت لەڕێگا هەتا هاتینە کەرکوك نەوەستانن نزیکەی

20 کەس لەڕێگا مرد، کە گەیشتتنە کەرکوک لەویش دیسان، جەیشی شەعبی کەوتنە وێزەمان بەلێدان سواریان کردین بۆ سلێمانی. لەویش خواردنیان پێنەدادین. بەڵام لە کەرکوک وتیان ئەوەی خەڵکی کەرکوو دوزە نابێت بچێتەوە بۆ کەرکوک، ئەبێت بڕوات بۆ چەمچەماڵ یان ئۆردوگای پیرەمەگرون، باش بوو کە گەیشتینە سلێمانی خەڵك باش بوو نانیان بۆ هەڵدەدایین کەچی ئەمنەکان لێیان دەساندین فڕێیان دەدا. لەوێشەوە هەموومانیان برد بۆ هەولێر، ئینجا لە هەولێر بەرەڵایان کرد.